# وەزارەتی مافی مرۆڤ

## لە ( 60 ) مین ساڵیادی جارنامەی مافی مرۆڤ چالاکوانەکانی ئەم بوارە خەڵات دەکات.




سەر لە بەیانی ئەمڕۆ 2008/11/17 بەسەرپەرشتی بەرێز د.شوان محمد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی دیوانی وەزارەت بە ئامادەبوونی ئەندامانی بۆردی راوێژکاری کە بریتین لە نوێنەرانی ژمارەیەك لەم رێکخراوانەی کە پەیوەندیدارن بە رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا کۆبوونەوەی بۆرد بەرێوەچوو.

لە دەستپێکی کۆبوونەوەکەدا وەزیری مافی مرۆڤ باسی لە گرنگی سەنتەر و شەڵتەرەکان کرد و هیوای خواست کە بایەخی زیاتریان پێبدرێت...

بە پێی ئەجێندای ئەم دانیشتنە گفتوگۆ لەسەر لیژنەی بەدواداچوون کراو زیاتریش تیشك خرایە سەر بڵاوکردنەوەی ئامارەکان بەتایبەت لە بواری توندوتیژی و سکاڵای هاوڵاتیان، لەم روەوەش مەسەلەکان بەوردی خرانە روو.

ئینجا دەستکرا بە راگۆڕینەوە لەسەر سازدانی فیستیڤاڵی (60)ەمین ساڵەی ئیعلانکردنی جاڕنامەی مافی مرۆڤ کە وەزارەتی مافی مرۆڤ بەم بۆنەیەوە بەشدارییەکی کاریگەرانە دەکات و پرۆگرامێکی تێروتەسەلی رێکخستووە و لیژنەی پسپۆڕی داناوە بەتایبەت بۆ خەڵاتکردنی ئەم رێکخراوانەی کە لەم بوارەدا کاری باشیان ئەنجامداوە و بایەخ بەم رەوشە دەدەن، بۆیە لەم رۆژەدا لە پاڵ مەراسیمی ئەم یادکردنەوە رێز لە ژمارەیەك رێکخراو دەنرێ لەلایەکی دیکەوە وەزیری مافی مرۆڤ ئاماژەی بە راپۆرتی ئەمینیستی ئینتەرناشناڵ دا و ئاشکراشی کرد کە ئەوان سوپاسنامەی تایبەتیان بۆ حکومەتی هەرێم ناردووە دوای ئەوەی کە سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد و هەلی گەڕانێکی سەربەخۆییان بۆ رەخسێنرا و سەردانی بەندیخانە و هەموو ئەو شوێنانەیانکرد کە لەبەرنامەیاندا بوو.

هەر لەم راپۆرتەدا باس لە سێ لایەنی گرنگ کراوە لەمانە: یاساکان و توندوتیژی و بەندیخانەکان کە ئەمانەیان لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ئیجابیانە وەسفکردوە و لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی خۆشیان لەسەر چەند شتێکی دیکە هەبووە و حکومەتی هەرێمیش بڕیاریداوە کە بەوردی وەڵامی وردەکارییەکانیان بۆ روونبکاتەوە... لەم رووەوە وەزیری مافی مرۆڤ ئەم لە یەکگەیشتنەی بەکارێکی باشزانی و بەدروستبوونی پەیوەندییەکی پتەو دایە قەڵەم لە پێناو خستنەرووی حەقیقەتەکان.. هەر لە ئەجێندای کارەکانی ئەمڕۆدا دیسانەوە باس لەو هەوڵانەکرا کە بۆ بنەبڕکردنی توندوتیژی دەدرێن و دواکاری وەزارەتیش بۆ ئەم مەبەستە لە (22)ی ئەم مانگە بۆ ماوەی سێ رۆژ دەورەیەك لە پارێزگاکانی سلێمانی دەکرێتەوە کە تیایدا ژمارەیەك خەڵکانی پەیوەندیدار بەشدار تێدا دەکەن و باس و خواسەکانیش هەمووی بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەیەك دەبێت بۆ رووبەرووبونەوەی ئەم دیاردەیە.

دواجاریش پێشێلکارییەکان و  رەوشی ئەمڕۆی مافی مرۆڤ  گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی لەسەرکرا و جەختیش لەسەر ئەوە کرایەوە کە پێویستە هەموو هەوڵەکان بەردەوام بێت بۆ نەمانی ئەم دیاردەیە.

شایانی باسە ئەم کۆبوونەوەیە نزیکەی دوو سەعاتی خایاند.